# کورتەیەک دەربارەی ڤایرۆسی کۆمپیوتەر



دڵشاد پەروانە - سوید
زانستپەروەرانی کورد
dillshad@zkurd.org

ناوەرۆکی ئەم وتارە


- پێشەکی
- ڤایرۆس چییە؟
- کێن ئەو انەی ڤایرۆس دروست دەکەن؟
- ئایا ئەوەی لەلایەن دژەڤایرۆسەکانەوە بە ڤایرۆس ناو دەبرێ بە ڕاستی ڤایرۆسە؟
- چۆن خۆمان لە ڤایرۆسەکان دەپارێزین؟
- چەند ڕێگەیەک بۆ خۆپاراستن:


## پێشەکی

لە دوای سەرکەوتنی پرۆژەی ARPAnet = Advanced) Reserach Projekt Agency NET) و پاشان هاتنی ئینتەرنێت دەبینی لە مێژوویەکی زۆر کەمدا بە هەزاران ڤایرۆس دروست کراون. هەندێ لەو ڤایرۆسانە زۆر بەزیانن، بەڵام بەشێک ڤایرۆس هەن کەمتر بەزیانن. جا هەبوونی ئەو ڕێژە زۆرەی ڤایرۆسی کۆمپیوتەر نیشانەی هەبوونی کەسانێکە کە کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن بۆ ئامادەکردنی ئەم ڤایرۆسانە.

## ڤایرۆس چییە؟

ڤایرۆس بەرنامەیەکی نەخوازراوە زۆر جاران ئەو بەرنامەیە بچووکە، بەڵام زیانی زۆری هەیە. ڤایرۆس کێشە بۆ بەرنامەکانی تری کۆمپیوتەر دروست دەکا و هەوڵی تەشەنەکردن دەدا لەناو کۆمپیوتەردا، لەوانەیە وای لێ بێ لە ماوەیەکی کەمدا بتوانێ ئەوەندە تەشەنە بکا کە تەواوی هاردیسکی کۆمپیوتەرەکەت تووشی ڤایرۆس بکا، ئەوەش دیارە پەیوەستە بە ئەوەی کە ئەو ڤایرۆسە تاچەند کاریگەرە لە بڵاوبوونەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ڤایرۆس بەرنامەیەکی بەزیانە بە شێوەیەکی کۆنترۆڵنەکراو هەوڵی تەشەنەکردنی خۆی ئەدا لەناو بەرنامەکانی کۆمپیوتەردا، ئەنجامەکەشی تێکدانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەرە بە شێوەیەکی نەخوازراو.

ڤایرۆسەکانی کۆمپیوتەر لەلایەن خەڵکەوە دروست دەکرێن. ڤایرۆسەکان بۆ ئەوە دروست کراون کە بتوانن بە لەبەرگرتنەوەی خۆیان زیاد بکەن و بڵاو ببنەوە بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین، وە لەوانەیە هەندێ لەو ڤایرۆسانە بۆ ئەنجامدانی فرمانێکی دیاریکراو دروست کرابن، بەڵام مەرجیش نییە. کاتێک مرۆڤ سەیری ڤایرۆسێ ئەکا خۆی وەک شتێکی بێگوناح نیشان ئەدا، نەک وەک ڤایرۆس، لەوانەیە خۆی وەک شتێکی بەکەڵک نیشان بدا.

## کێن ئەو انەی ڤایرۆس دروست دەکەن؟

وەڵامی ئەو پرسیارە نووسینێکی زۆری دەوێ بەڵام بە کورتی باسی دەکەین: ژمارەیەکی زۆری ڤایرۆسی کۆمپیوتەر هەن، هەزاران ڤایرۆس هەن، بڵاوبوونەوەشیان وەک گوتمان بەزیانن. لەوانەیە بۆ من و تۆ ڤایرۆس ئەوەندە بەزیان نەبێ وەک بۆ کارخانەیەک کە خاوەنی هەزاران کۆمپیوتەرن. ڤایرۆس دروستکراوی خەڵکن. بەڵام کێن ئەوانەی لە پشت دروستکردنی ڤایرۆسەکانن؟ بێگومان دەبێ ئەو کەسانەی ڤایرۆسەکان دروست دەکەن مەبەستێکیان هەبێ لە دروستکردنیان. ئایا بۆ ئەوەیە کە خەڵکی تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بکەن یان ئەگەر وا نییە مەبەست چییە لە دروستکردنی ڤایرۆس؟ هەندێ کەس تەنها بە مەبەستی ناودەرکردن، بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە ئەوانیش زمانی بەرنامەکردن ئەزانن یان دەیانەوێ زانستی خۆیان، توانایی خۆیان بە دروستکردنی ڤایرۆس و تێکدانی کۆمپیوتەرەکان تاقی بکەنەوە. هەندێ لە دروستکەرانی ڤایرۆس لە پێشبرکێدان بۆ ئەوەی بتوانن ڤایرۆسێ دروست بکەن کە بە هیچ جۆرێ نەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ، چونکە ئەوان شانازی بە زانستی خۆیان دەکەن و دروستکردنی ڤایرۆس بە دەسەڵات

دەزانن. هەندێ کەس تەنها دەیانەوێ خۆیان تاقی بکەنەوە و بزانن ئاخۆ خۆشیی دروستکردنی ڤایرۆس لە چیدایە.

## ئایا ئەوەی لەلایەن دژەڤایرۆسەکانەوە بە ڤایرۆس ناو دەبرێ بە راستی ڤایرۆسە؟

کەمکردنەوە لە ئەرکە باشەکانی دژەڤایرۆسەکان بەگشتی کارێکی باش نییە، بەڵام بەڕاستی وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە: نەخێر، هەموو شتێ کە لەلایەن دژەڤایرۆسەکان دەدۆزرێتەوە ڤایرۆس نییە. دژەڤایرۆسەکان زۆر لەو بەرنامانەی کە بە دژەڤایرۆسەکان نامۆن بە ڤایرۆس ناویان دەبەن یان ئەوەتە هەر پاکیشی دەکەنەوە. بەڵام مەرج نییە ئەوەی دژەڤایرۆسەکان بە ڤایرۆسیان زانی ئەوە ڤایرۆس بێ، نەخێر وا نییە.

## چۆن خۆمان لە / ڤا یر ۆ سە کا ن دەپارێزین؟

«چۆن خۆمان لە ڤایرۆسەکان دەپارێزین؟» پرسیارێکی گرنگە. من پێم وایە ئەگەر بمانەوێ زۆر باش خۆمان لە ڤایرۆسەکان بپارێزین پێویستە بزانین ڤایرۆسەکان چۆن بڵاو دەبنەوە. هەندێ لە ئێمە بەرامبەر بە هەڕەشەی ڤایرۆسەکان کەمتەرخەمی دەکەن و ئەڵێن: «هەتا ئێستا ڤایرۆ سمان بۆ نەهاتووە، دژەڤایرۆس تەنها کۆمپیتەرەکانمان هێواش دەکا». کەمتەرخەمیکردن باش نییە، چونکە کەمتەرخەمیکردن دەبێتە هۆیەکی نەرێیی (نێگەتیڤ)، لەوانەیە ڕۆژێ بێ تووشی فۆرماتکردنەوەی کۆمپیوتەرەکەش بی. لەوانەیە بۆ تۆ کە بەلانی کەمەوە مانگی جارێ کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات دەکەیەوە ئەوەندە گرنگ نەبێ بەڵام بۆ کارخانەیەک کە خاوەنی سەدان کۆمپیوتەرە، فۆرماتکردنەوە کارێکی خۆش نییە. ڤایرۆسەکان بەهۆی پەیوەندیگرتن بە ڕێگەی ئینتەرنێت، دیسک، (سیدی) و (USB) کە تووشی ڤایرۆس بوون و هەڵگری ڤایرۆسن بڵاو دەبێتەوە.



لەوانەیە بەهۆی پۆستی ئەلەکترۆنی بۆت بێ یان بە هەر ڕێگەیەکی ترەوە، هەر کاتێ بواری پەیوەندیگرتنی بۆ ڕەخسا لە گەڵ کۆمپیوتەرەکەتدا ئەوە دەتوانێ بێتە ناو کۆمپیوتەرەکەت، ئەگەر دژەڤایرۆس بەکار نەهێنی.

## چەند ڕێگەیەک بۆ خۆپاراستن:

کۆمەڵێ دژەڤایرۆسی زۆر باش هەن بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆس. هەندێ لەو دژەڤایرۆسانە زۆر بە توندی دژی ڤایرۆسەکان دەوەستن و ڕێگرییان دەکەن لە هاتنەناوی کۆمپیوتەرەکە.

هەندێ لە دژەڤایرۆسەکان لە دوای گەڕانیان بە دوای ڤایرۆسەکاندا دەتوانن ڤایرۆسەکان بدۆزنەوە، بەڵام نایانسڕنەوە، لەو حاڵەتەدا زۆر گرنگە کە خۆت بیسڕیتەوە. ئەم دژەڤایرۆسانە بە پارەن بەڵام دەکرێ ماوەی مانگێ بەکاریان بێنیت بەبێ پارە، دواتر دەکرێ دژەڤایرۆسی تر دابنێیت.

١- دژەڤایرۆسی (Panda Antivirus Platinum)

دژەڤایرۆسی (Panda) بۆ لابردنی زۆربەی ڤایرۆسەکان زۆر باشە بەجوانی دەتوانی ڕێگری لە ڤایرۆسەکان بکا، هەر بە (Panda) دەتوانیت تا رادەیەکی باش دڵنیا بیت لەوەی کە کۆمپیوتەرەکەت پارێزراوە لە زۆربەی ڤایرۆسە بڵاوەکانی جیهان. تەکنۆلۆژیای تازەی (پاندا) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕێگەگرتن و تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکان. من خۆم ئەم بەرنامەیەم تاقی کردۆتەوە و گرنگیی ئەو بەرنامەیە لەوەدایە کە دەتوانێ هەر بەرنامەیەک بێتە ناو کۆمپیوتەرکەت، ئەگەر بەرنامەکە نەخوازراو بێ ئەوە پرسیارت لێ ئەکا ئاخۆ تۆ ڕێگە بە بەرنامەکە ئەدەیت یان نا.

٢- دژەڤایرۆسی (Trust Antivirus Ca e)

ئەم دژەڤایرۆسە زۆر باشە، بەتایبەتی کە بەکارهێنانی زۆر ئاسانە. دەورێکی گرنگی هەیە لە ڕێگەگرتنی ئەو ڤایرۆسانەی دێنە ناو کۆمپیتەرەوە. ئەم بەرنامەیە بەوە ناسراوە کە لە سەدا سەد دەتوانێ هەموو ڤایرۆسێ بدۆزێتەوە.

٣- دژەڤایرۆسی (McAfee)

ئەم دژەڤایرۆسەش باشە، بۆ ڕێگەگرتن لە ڤایرۆس و ڕێگەگرتن لەو کەسانەی